# وەڵامدانەوەیەکی هێمنانە بە سەرنجەکانی هەژێن

## بەشی یەکەم

## بژار

ئەم هاوڕێیە ماوەیەکە ویستویەتی و دەیەوێت وەکو کەسێکی دڵسۆز بە چینی کرێکار و ڕەخنەگرێکی بە توانا بێتە مەیدانی پلمیکە تیئۆری و سیاسییەکانەوە و هاتوویشە . لەم بارەیەوە سەبارەت بە نووسینەکانی من لە دوو وتاردا ڕا و سەرنجی خۆی بە ڕۆشنی و بە ڕادەیەکی دیاریکراو خستووەتە ڕوو . لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسینەکانی لە کەموکورتی و تێکەڵ کردن بێبەری نین , بەڵام من بۆ خۆم بە پێی قەوارە گرتنی شیاویان لە بۆشایی ڕەخنەی زانستییانەی ئەمڕۆدا , بەرز دەیاننرخێنم . سەرنجەکانی لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەی دواییدا ( واتە وتاری دووەمی لە سەر باسەکەی من ) بە دەوری دوو خاڵی سەرەکیدا تەوەرە دەبەستن . یەکێکیان مەسەلەی دامەزراندنی حزبی بەرییني چینی کرێکار ( حزبی مارکسیستی ڕاستەقینە ) و ئەویشیان حزبایەتی کردنی ئێستامە . هەرچەندە خۆی واتەنی نەیتوانیوە یان نەیویستووە سەرلەبەری باسەکەی من بداتە بەر تیشك و هەمەلایەنە هەڵی سەنگێنێت , بەڵام ئاماژە بە زۆر شتی نێوان ئەو دوو خاڵە سەرەکییە دەکات و پەنجەیان لە سەر دادەگرێت . لە خاڵی یەکەمدا ( حزبی بەرییني چینی کرێکار ) , ئەو دوو مەسەلەیەی گیر دەخوات بە دەستیانەوە و ڕۆشن نابنەوە لای , ناوەندێتی خوارەوە و دەسەڵاتی چینی کرێکارە لەو حزبەدا . هاوڕێ هەژێن جگە لەوەی حزب بە ڕەوا نابینێت بۆ چینی کرێکار و لەو بارەیەوە پێداگر و توندڕەوە , لە هەمان کاتیشدا ناوەندێتی خوارەوە لە حزبدا هەر بە دەسەڵاتی حزبی و ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب وێنا دەکات و ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینە دەرباز ببێت . لینین لە " دەوڵەت و شۆڕشدا " لە لاپەڕە 67 دا کە بە زمانی عەرەبی چاپ کراوە دەڵێت : ( " برنشتین " یش وەکو هەموو ئەو خاوەن بیرە بۆرژوا بچوکانە وا وێنا " تەسەوور " دەکات کە ناوەندێتی ئەگەر لە سەرەوە نەبێت ناچەسپێت و نامێنێتەوە ) . بۆچی دەبێت ناوەندێتی هەر لە سەرەوە و بە زۆر داسە پێنرێت؟ ناوەندێتییەکی ئازادانە , بۆچی نابێت بوونی هەبێت ؟ من داوای دەرهێنانی ناوەندێتی دەکەم لە دەستی کەمینە و کۆنتڕۆڵ کردنی لە لایەن زۆرینەوە , کە لە ڕاستیدا دەبێتەوە بە هەموان . واتە ناوەندێتی کە لە سەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ خوارەوە , بۆ داماڵینی سەرەوەیە لەو دەسەڵاتانەی کە هەیەتی . ئاخر کرۆکی هەموو گرفتەکانی حزبەکان لەم ناوەندێتییەی سەرەوەدایە , ئەمە لابەریت , ئیتر بەشەکانی سیستمەکە , وەکو دۆمینەی ڕیزکراو دەڕووخێن بە سەر یەکتریدا . دوا ئەڵقەی زنجیرە مەراتیب لەم حزبانەدا دەفتەر سیاسی و سکرتێر و لیدەرە . بوونی ئەمانەیە و پلەوپایەکانی خوار تریش , ئەم هەموو تاوانە لە حزبەکاندا بەرهەم دەهێنن . جیابوونەوەکان پێش ئەوەی بەرهەمی جیاوازی فکر و سیاسەت بن , بەرهەمی بەرگری کردنن لە بەرژەوەندییەکان . چاوچنۆکی و پاوا نخوازییە لە دەسەڵاتدا ئەم بارودۆخانە دەگەنێتە حاڵەتی تەقینەوە . چارەسەری ئەم خاڵە نەکرێت , واتە لابردنی ناوەندێتی سەرەوە , نە ئەم گرفتانە چارەسەر دەکرێن و نە هیچ گەرەنتییەك بۆ لا نەدانی حزب دەبێت و نە چینی کرێکاریش دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی خۆی بگرێتە دەست و نە دیکتاتۆرییەتەکەشی دەچەسپێت . ئەگەر لە بەرانبەر دیکتاتۆریەتی بۆرژوادا , دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هەیە ,, ئەگەر لە بەرانبەر سیستمی سەرمایەداریدا , سیستمی سۆشیالیستی هەیە ,, ئەگەر لە بەرانبەر هەموو شتێکی پێچەوانانەی بۆرژوادا , ئەڵتەناتیڤی ڕاستەوانانەی کرێکاران هەیە ,, وە تەنانەت لە بەرانبەر حزبی بۆرژواشدا , حزبی چینی کرێکار هەیە ,, ئیتر بۆ دەبێت لە چۆنیەتی حزبەکەدا جیاوازی لە نێوانیاندا نەبێت و هەمان ناوەندێتی سەرەوە و شێوەی ئۆرگان و زنجیرە مەراتیب و دیسپلین کە لە حزبی بۆرژوادا هەیە , ڕێك دەبێت لە حزبی کرێکارانیشدا هەمان شت بێت ؟ خاڵی ناقۆلا و دژ بە لۆژیك لەم حزبانەی

بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا , لێرەوە دەست پێدەکات . کرێکاران " یان با بڵێین کۆمۆنیستەکان " بۆ دەبێت لە دروست کردنی حزب و بەڕێوە بردنیدا لاسایی کەرەوەی بۆرژوا بن ؟ چۆن یەك شێوە لە حزب بۆ خەباتی هەردوو چینە دژ بە یەکەکە دەست دەدات ؟ بۆ ئەم دوو چینە " بۆرژوا و پرۆلیتاریا " دەبێت لە هەموو شتێکدا دژی یەك بن و کەچی لە چۆنیەتی دروست کردنی حزب و سیستمی بەڕێوە بردنیدا , لەگەڵ یەکدا بن ؟ فەلسەفەی ئەم تەبا بوونە کامەیە ؟ من ناڵێم ئێمە لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا دەژین و حزبەکە دەبێت لە هەموو خەوش و دەسەلاتێك بەدەر بێت . چونکە لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا نەك حزبی بێ خەوش و دەسەلات نییە , بەڵکو هەر حزب خۆی بوونی نییە . چۆن دەکرێت لە کۆمەڵگایەکدا حزب هەبێت , کە نە دەوڵەت و نە چین , بوونیان نەبێت ؟من دەڵێم حزبی بەرییینی چینی کرێکار ( حزبی بە مانای ووشە مارکسیست ) دەبێت نموونەی کۆمەڵگای سۆشیالیستی بێت . بۆیەش ئەوە دەڵێم چونکە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی , خۆیان واتەنی , خەبات بۆ بەدی هاتنی ئەو کۆمەڵگایە دەکەن . ئا لێرەدایە کە دەبێت وورد ببینەوە و بزانین حزبی چینی کرێکار چۆن دەتوانێت هەڵگری سیمای ئەو کۆمەڵگایە بێت ؟ وە چۆن سیستمی کار کردنی خۆی تەبا بکات لەگەڵ سیستمی کار کردنی ئەو کۆمەڵگایەدا ؟ کتومت ئەو پەیوەندییە کۆنکرێتییانە کامانەن کە ئەم دوو ئەتمۆسفیرە بە یەکتری دەگەیەنن ؟ لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا دەسەلات بە دەست چینی کرێکارەوەیە , کەواتە لە حزبی خەبتگێریشدا بۆ بەدی هاتنی ئەو کۆمەڵگایە , دەبێت دەسەلات بە دەست هەمان چینەوە بێت , چینی کرێکار , . لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا مرۆڤەکان بە ڕادەی نزیك بوونەوە لە ئازادی کامڵ " تەواو " ئازادن , کەواتە لە حزبی کۆمۆنیستیشدا دەبێت ئەندامان هەر هەموویان ئاوا بن . لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا یەکسانی بە هەمان شێوە بەرقەرارە , کەواتە لەم حزبانەشدا " حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی " دەبێت هەر وابێت . لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا ناوەندێتی لە خوارەوەیە کە چینی کرێکارە و زۆرینەی کۆمەڵگان , لە حزبیشدا دەبێت ئەو ناوەندێتییە لە خوارەوە بێت , کە ئەندامانن " پرۆلیتاریای حزب " و زۆرینەی تەشکیلاتن . لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا هیچ کەسێك وەکو تاك خاوەنی دەسەلات نییە , ئەگەر بیشبێت تەنیا نمایندەی دەسەلاتی خوارەوەیە و بە شێوەی ئارەزوومەندانە بەهرەمەند نییە لە بەکار هێنانی , یانی مەسەلەکە دابەش بوونی کارە و دەسەلاتەکەش دەسەلاتێکی چینایەتییانەیە بە دژی بەرەنگار بوونەوەی چینی بۆرژوا . لە ناو حزبیشدا نابێت کەس بەهرەمەند بێت لە بەکار هێنانی ئارەزوو مەندانەی دەسەلاتی چینایەتییانەی چینی کرێکار لە بەرانبەر هیچ کەسێکدا و کار کردنی هەر کەسێکیش لە ئۆرگانەکاندا تەنیا دابەش بوونی کارە و هیچی تر . هەموو یەکێك لە ناو حزبدا خەباتگێرە و بەم مانایەش دەبێت خاوەنی دەسەلاتێك بێت و ئەو دەسەلاتەش دەسەلاتی چینایەتییانەی چینی کرێکارە و تەنیا وەکو نمایندەی ناوەندێتی خوارەوە و بە دژی نەیارە چینایەتییەکان دەتوانێت بە پێی ئەو ئوسوڵە چینایەتییەی لە حزبدا بۆی دیاری کراوە , بە کاری بهێنێت . یانی دەسەلاتی چینی کرێکار کە ناوەندێتی خوارەوە لە حزبدا نوێنەرایەتییەکەی دەکات لە خەبات و پراکتیسی حزبیدا و بە پێی ئوسوڵی چینایەتییانەی دیاریکراو , لە دەست هەموو ئەندامانادایە پێکەوە . جیاوازییەکە لێرەدا هەر ئەوەندەیە کە کەس باڵا دەستی کەسی تر نییە لە بڕیار دان و فەرمان دەر کردندا . پەیوەندییەکان ئازادانە و ئارەزوومەندانەیە . هۆکاری زاڵ لەم نێوەدا و تەوەرە بەستنیان بە دەوریدا , خەباتە بۆ بەدی هاتنی کۆمەڵگای سۆشیالیزم . هەبوونی ناوەندێتی خوارەوە , بە تایبەتی لە ئەمرۆدا , سوودێکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ خەباتی چینی کرێکار . جگە لەوەی پراکتیس ترین فاکتەرە بۆ لانەدانی حزب , تەنیا ڕێگەشە بۆ دوور کەوتنەوە لە ڕۆشنبیرە نا کرێکارییەکان ( چەپی ڕۆشنبیر ) . وە فاکتەری کۆبوونەوە ( گرد بوونەوە )ی کۆمۆنیستەکانی ناو کۆمەڵگایە . وە هەروەها فاکتەری پەیوەست بوونی کۆمۆنیستەکانە بە چینی کرێکارەوە . وە دەشبێتە هۆی بینینی یەکپارچە بوونی خەباتی جیهانی چینی کرێکار و کار کردن بەو ئاقارەدا . وە ڕابەرانی ڕاستەقینەی چینی کرێکار تەنیا لەم جۆرە حزبەدا کە ناوەندێتی لە خوارەوە بێت , دەتوانن بێنە دەرەوە . وە کاری تیۆری لەم جۆرە حزبەدا دەتوانێت بە هەنگاوی گەورە بچێتە

پێشەوە . گیانی هاوڕێیەتی لە حزبی ئاوادا دەبووژێتەوە . ئەم حزبە نە لیدەری پێویستە و نە سکرتێر . ئۆرگانەکان تیایدا بە پێی پێویستییەکانی خەباتی چینایەتی دروست دەبن . ئەم حزبە بە پێچەوانەی حزبەکانی ئەمڕۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە , زۆر زوو جەماوەری دەبێتەوە . ئەم حزبە پێویستی بەوە نییە زوو زوو کۆبوونەوەی هەموو ئەندامان بکات و بڕیار لە سەر بڕیار , وەکو ئەم حزبانەی ئێستا , خێرا خێرا دەری بکات . ئەگەر هەر جارێکیش ئەو پێویستییە بێتە ئاراوە , ئەوا سوود وەرگرتن لەم تەکنۆلۆژیایەی ئەمڕۆ , گرفتێك لەو بارەیەوە ناهێڵێت . ئەم حزبە بە میکانیزمێك کار دەکات , جیاوازە لە میکانیزمەکانی حزبەکانی ئەمڕۆ . لەم حزبەدا بە پێی هۆشیاری لیدەر , وەك حزبەکانی ئەمڕۆ, چینی کرێکار ڕێك ناخرێت , بەڵکو بە پێی بەرز بوونەوەی هۆشیاری چینایەتی , ڕێکخستنەکان ئاستی بالاّ و بالاّتر بە خۆیانەوە دەگرن .کاری ئەم حزبە لە بناغەدا بردنە پێشەوەی هۆشیاری کۆمەلاّیەتی چینی کرێکار و ڕێك خستنیەتی . بردنە پێشەوەی هۆشیاری چینایەتی لە ڕێگای پلمیکە تیئۆرییەکان و گەلاّڵە کردن و کار بۆ کردنیانەوە بە ئەنجام دەگات , کە ئەوانەش بۆ خۆیان بریتین لە شی کردنەوە و تێگەیشتن لە کێشمەکێشەکان و هەلومەرجی دیاریکراو و هاوسەنگی هێزەکان و بارودۆخی دەوروپشت و جیهان . لەم پرۆسەیەدا هۆشیاری چینایەتی لای حزبەوە دروزست نابێت , یان پەرەی پێ نادرێت , یان داناهێنرێت ,, بەڵکو گەلاّڵە کردنەوەیەکی هەمان هۆشیاری سەرتاپای چینەکەیە کە لەو ساتەوەختەدا و لە درێژ بوونەوەی مێژوویی هەڵسووڕانە چینایەتییەکانیدا بە شێوە و بڕی جۆراوجۆر بە دەستی هێناوە . واتە پاش لە بێژنگ دان و پاك لەمە کردن و ڕێکخستنەوە و گیرساندنی هەمان هۆشیاری بەدەست هاتووی چینەکە خۆی , لە لایەن حزبەوە گشتیی دەکرێتەوە و دەگەڕێنرێتەوە بۆ خودی چینەکە . ئا لێرەدایە کە کۆمۆنیستەکان یان حزب , پێشڕەوی چینی کرێکار نین , چونکە هۆشیارییەکی بالاّ تریان نادەنێ لەوەی کە خۆیان ( واتە چینەکە ) هەیانە , وە ڕێکخستنێکی بالاّ تریشیان نادەنێ لەوەی کە خۆیان ( چینەکە هەمووی ) پێی گەیشتوون . ئاخر لە مەسەلەی ڕێکخستنیشدا کۆمۆنیستەکان وەیان حزب هەر هەمان پرۆسە ( وەك ئەوەی لە هۆشیاری چینایەتیدا بە ئەنجام دەگات ) دووبارە دەکەنەوە . وە دەبێت ئەوەش ڕۆشن بێت لامان , هۆشیاری و ڕێکخستنی چینایەتی هەمیشە لە پەیوەندییەکی دایلەکتیکیدان . واتە لە سەر بناغەی ئەم پەیوەست بوون و کار لە یەك کردنەی هۆشیاری و ڕێکخستن و ئاڵوگۆڕ بوونی تواناکان لە نێوانیاندا , کۆمۆنیستەکان و حزب دەتوانن بە کاری ئامراز بوونانەی خۆیان بۆ خەباتی چینی کرێکار , هەستن . هاوڕێ هەژێن پێی وایە ئەم حزبە بەریینەی چینی کرێکار کە من باسی دەکەم , حزب نییە و زیاتر ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕی جەماوەرییە . دیارە ئەم هاوڕێیەمان ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەراتیب و دیسپلینی ڕێکخراوەیی لە ناو ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا نابینێت , بۆیە ئەم حزبەی من باسی لێوە دەکەم بە کۆپی ئەوانی دەزانێت . ئەو لەوە تێناگات کە من وەستانەوەکەم بە دژی هەموو سیستمە حزبییەکانی ئەمڕۆ و چۆنیەتی کار کردنە تیایاندا . یان لەوانەیە تێم بگات و چاو داخات لە ئاستیدا وە یان بە ئەنقەست بە کرۆکی باسەکەمدا شۆڕ نەبێتەوە , ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی کە لەگەڵ بیر و باوەڕی دژە حزبی ئەودا نایەتەوە و هەموو خۆ دانێکیش لەم باسە , با سادەش بێت , ئاڵۆز لە میتۆدی بیر کردنەوەی ئەودا پێچەوانە دەبێتەوە . هاوڕێ گیان ئەم شێوەیە لە حزب کە من خستوومەتە ڕوو زۆر واوەترە لە پێکهاتن و سیستمی ڕێکخراوی جەماوەری . من لە حزبی کرێکاراندا بە دژی هەموو جۆرە دەسەلاّتێکم , جگە لە دەسەلاّتی چینایەتییانەی هەموو چینەکە . وە من لەگەڵ یەکسان بوونی ئەندامان و بەرفراوانترین ئازادیدام بۆیان . وە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی تەواوی زنجیرە مەراتیبدام . ئەمانە هەموو بە خاسیەتی چینایەتییانەی چینی کرێکاری دەزانم . وە لە ڕێگەی کار کردن بەم میکانیزمەوەیە کە کرێکاران لە حزبیشدا خۆیان لە بۆرژوا جیا دەکەنەوە . حزب لێرەدا داوەری بە سەر چینی کرێکارەوە ناکات , پێشڕەویان نییە , ئامرازی کۆکردنەوە و تەوەرە پێ بەستنیان نییە بە دەوری لیدەر و سکرتێر و دەفتەر سیاسی و کۆمیتە ناوەندیدا , قسەکەری فەرمی ئەوان " چینی کرێکار " و بڕیار دەریان نییە ,, بەڵکو ئامرازێکی خەباتە بە دەست خودی چینەکەوە , وە لە دووتوێی ئەو ئامراز بوونەیەوە دەتوانێت

ڕێ پیشاندەر بێت . یانی حزب خەبات دەکات بۆ هێنانەدی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نەك دیکتاتۆریەتی حزبیی . وە هەتا ئەم زنجیرە مەڕاتیب و ناوەندێتییەی سەرەوە بمێنێت , هەمیشە ئەو دیکتاتۆرییەتەی پرۆلیتاریا ڕووکەشە و دیکتاتۆریەتی حزبیی جەوهەرە . هەتا ئەوانە بمێنن حزب نابێت بە ئامرازی چینی کرێکار , بەڵکو هەمیشە حاکمی دەبێت . جا بۆ ئەوەی حزب خۆی دانەسەپێنێت بە سەر چینی کرێکاردا , بۆ ئەوەی حوکومەتی حزبیی نەخاتە جێگەی حوکومەتی کرێکاری , بۆ ئەوەی ئازادی مرۆڤەکان لە قاڵب نەدرێت , بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هێندەی تر تووشی پاشەکشە نەکرێت ,, دەبێت ئەم ناوەندێتییە لە سەرەوە بێتە خوارەوە , دەبێت لە دەست کەمینە دەربهێنرێت و بدرێتە دەست زۆرینە , دەبێت زنجیرە مەڕاتیب نەمێنێت , دەبێت ئەو زۆردارییەی بە ناوی دیسپلینی حزبییەوە بە سەر ئەندامانددا دادەسەپێت , نەمێنێت . تەنیا لە بارودۆخێکی ئاوادا حزب و ئەندام دەبنەوە بە خاوەنی یەکتری , خەباتی حزبیی و خەباتی چینایەتییانەی چینی کرێکار دەگەنەوە بە یەکتری و لە بۆتەی بەرپا کردن و سەرخستنی شۆڕشی چینایەتیدا دادەڕژێنەوە . حزبی چینی کرێکار لەم باسەی مندا بەتەنها چوارچێوەیە بۆ کۆکردنەوەی کۆمۆنیستەکان و کاری چینایەتییانەی هاوبەشیان . ناوەندی باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانە . مەیدانێکی تری هەڵسووڕانە پەیگیرەکانە . دەزگای لێك هەڵپێکانی خەباتی ناوچەیی و نێونەتەوەییە . ئامرازی بردنە پێشەوەی خەباتی کرێکارانە . لەم حزبەدا ئەو مافانەی کە لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا بە دەست دێت , بە زیادەوە بۆ ئەندامان دەستەبەر کراوە . خەبات و خۆشەویستی و داهێنان تیایدا تێکەڵ بە یەکتری دەکرێت . یەکێك لەو خاڵانەی کە جێگای وورد بوونەوەیە , جێگە نەبوونەوەی ڕابەرە ساختەکانە لەم حزبە بەرینەی چینی کرێکاردا . ئەوەش لە بەر ئەوە نییە کە ڕێگایان لێ دەگیرێت , بەڵکو تەنیا لە بەر ئەوەیە کە نایانەوێت ڕابەری بێ ناوبانگ و ئیمتیاز و بەرژەوەندی بن . وە نەك هەر ئەوەندە , بەڵکو ئەو ڕابەرە نا ڕابەرانە , لەم حزبەدا بۆ هەموو ئەندامانی دەسەلمێنن کە لە باری تیۆری و دڵسۆزییەوە هێندە هەژارن کە نە دەتوانن شتێکیان پێ بێت بۆ ئەو خەڵکە و نە دەشتوانن خزمەتێك بە چینی کرێکار بکەن . یانی ئەم جۆرە ڕابەرانە خۆیان نایانەوێت بچنە ئۆرگانەکانەوە , خۆیان نایانەوێت ئیتر کاری حزبیی بکەن , خۆیان ناتوانن بە دژی بیر کردنەوەی بناغەیی خۆیان لە حزبێکی بێ پلەوپایەدا کاری سیاسی درێژە پێ بدەن . حزبی بێ پلەوپایە ڕۆشنبیری چەپی بۆ ناچێت , ئەگەر بۆشی بچێت , یان گۆڕانکاری چینایەتی دێت و دەیهێنێت بە سەر خۆیدا , یان لە ماوەیەکی کەمدا مەیدانەکە بەجێ دەهێڵێت . من هەموو جارێك ووتوومە و دەیڵێم ناوەندێتی سەرەوە لابە لەم حزبانەدا , زۆربەی زۆری ڕابەرەکان واز لە حزبایەتی دەهێنن . یانی زۆربەی زۆری ئەم ڕابەرانە کە دەفتەر سیاسی و کۆمیتە ناوەندییەکانیان پێ ئاخنراوە , تەنیا ڕابەرانی پلەوپایە و ناوبانگ و بەرژەوەندیین . ناوەندێتی سەرەوە ئەو هەنگوینەیە کە ڕابەری نا ڕابەری بە دەوردا کۆ دەبێتەوە . ئەم هەنگوینە لابە خۆیان ئاش بەتاڵ دەکەن . ئەگەر حزب , حزبی چینی کرێکارە , وەك ڕابەرایەتییەکان دەڵێن , ئیتر دەسەڵاتی لیدەر و سکرتێر و دەفتەر سیاسی و کۆمیتە ناوەندی , یانی چی ؟ ئەگەر دەڵێن گوایە بەو دەسەڵاتەیان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی چینی کرێکار دەکەن , چینی کرێکار لە کوێ و کەی دەسەڵاتی ئەمانەی کرد بە نوێنەری دەسەڵاتی چینایەتییانەی خۆی ؟ وە چینی کرێکار کەی کەسێکی کردووە بە نوێنەری خۆی , ئەگەر پێش ئەوە نەیخستبێتە ژێر دەسەڵاتی چینایەتییانەی خۆیەوە ؟ ئەی باشە ئەگەر ئەم ڕابەرایەتییانە نوێنەری چینی کرێکارن , ئەی بۆ نابێت ئەندامانیش لە خوارەوە , هەمان جۆر , نوێنەری چینی کرێکار بن ؟ یان ئەگەر ڕابەرایەتییەکان , ئەندامانیش بە نوێنەری چینی کرێکار دەزانن , ئەی بۆ ئەو ناوەندێتی و دەسەڵاتەیان لەگەڵدا دابەش ناکەن ؟ ئەگەر دەڵێن ناوەندێتی هەر دەبێت لە سەرەوە بێت و هەر دەشبێت لە دەستی لیدەر و سکرتێر و دەفتەر سیاسی و ناوەندیدا بێت , ئەی بۆ دەورە ناکەنەوە بۆ پێگەیاندنی ئەو کادرانەی کە توانای ئەندام بوونیان هەبێت لە ناوەندی و دەفتەر سیاسیدا و توانای جێگرتنەوەی سکرتێر و لیدەریان هەبێت و هەموو ساڵێك یان چەند ساڵێکی کەم ڕێگە چۆڵ بکرێت بۆ کادرە تازە لە خەم ڕەخسیوەکان و ئەو پۆستانەیان پێ بسپێردرێت ؟ ئەگەر دەڵێن ئاخر ئەو پۆستانە بە پێی

هەڵبژاردنە ، ئەی بۆ کۆسپی بەردەم هەڵبژاردنەکان لا نابەن و مەرجەکان ئاسان تر ناکەن و گرووپ چێتییەکان بۆ یەکتر هەڵبژاردن بەتاڵ ناکەنەوە و سیستمی چاودێری و کۆنترۆڵ یان لێدانی بەرز بوونەوەی ئەندامان و کادران هەڵناوەشێننەوە ؟ ئەڵبەتە ڕۆشنە کە ڕابەرایەتییەکان نەك ڕێگە بەو چاکسازییانە نادەن لە حزبەکانیاندا ، بەڵکو لە سەر پاراستنی پلەوپایەی حزبیی خۆیان ، ئامادەییان بۆ شەڕی دەستەویەخەش هەیە . هێنانەوەی ئەو پرسیارانە ، بۆ داخستنی چەکی ڕووکەشانەی لۆژیك بوو بە دەستیانەوە . بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە بوو کە بە شۆڕشی ئەندامان نەبێت ئەوانە " ڕابەرایەتییەکان " واز لەو پلەوپایە حزبییانە ناهێنن . نەك هەر سەرسام نیم بەوەی ، هاوڕێ هەژێن ناوەندێتی خوارەوەی بۆ وێنا ناکرێت ، بەڵکو بە لامەوە زۆر ئاساییە ، ئەویش تەنیا لە بەر ئەوەی کە ئەزموونێك لەو بارەیەوە لە مەیدانی حزبایەتیدا لە ئارادا نییە . ئەو پێی وایە ناوەندێتی ئەگەر لە خوارەوەش بێت ، مادەم ئۆرگانەکان دروست دەبنەوە ، ئیتر هەمان سیستمی کاری حزبەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، لەو حزبەشدا " حزبی بەرییني چینی کرێکار " دووبارە دەبێتەوە . وا دیارە ئەم هاوڕێ خۆشەویستە خۆی نایەوێت ئەو جیاوازییە ببینێت کە لە باری ژمارەوە لە نێوان کەمینە و زۆرینەدا هەیە ، ئەگینا ناوەندێتی خوارەوەی ( وەك دەسەڵاتی زۆرینە ) لە ناوەندێتی سەرەوە ( وەك دەسەڵاتی کەمینە ) جیا دەکردەوە . ئەڵبەتە ئەم ناوەندێتییەی خوارەوە لە بناغەدا ناوەندێتی هەموانە ( واتە ناوەندێتی هەر هەموو ئەندامانی حزبە ، بە هەموو ئەندامانی ئۆرگانەکانیشەوە ) بەلاّم لە بەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەندامان وەك پێویستی حزبی و چینایەتی و دابەش بوونی کار لە خوارەوەن ، یانی لە هەموو کاتێکدا دەنگ و بڕیاری ئەمان بە پێی زۆری و بەهێزیی بە سەر ئۆرگانەکاندا زاڵە و هیچ کەسێك و ئۆرگانێك ناتوانێت بە پێچەوانەی ڕەزامەندی ئەمان کارە حزبییە چینایەتییەکان بە ئاقارێکی تردا ببات . وە بە هۆی پیادە بوونی سیستمی شوورایی کۆمۆنەی پاریس ەوە ( نەك شووراکانی سۆڤیەت کە لە دوایین لێکدانەوەدا ئامڕازی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی حزب بوو ) هیچ کەسێك و هیچ ئۆرگانێك ناتوانێت مانەوەی خۆی لە ڕووی کاتەوە لەو پۆستەدا دیاری بکات . وە هەروەها بە هۆی ئازادییەکانی ڕەخنە و دەربڕینی ناڕەزایەتی و پەیوەندی گرتنی ئاشکرا بە ئەندامانەوە بۆ سەرخستنی تێڕوانینەکان لە بەرانبەر هەر کەس و ئۆرگانێکدا ,, ئەندامانی ئۆرگانەکان و بە تایبەتی ئۆرگانەکانی بە ناو سەرەوە ، دەزانن کە تەنیا ڕێگە لەم جۆرە حزبەدا ,, یان خەبات کردنە بۆ بەدی هاتنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی ، یان پاشەوپاش گەڕانەوەیە بۆ ناو کۆمەڵگا و حەوانەوەیە لە باوەشی چین و توێژی دایکدا ( واتە چین و توێژی نا کرێکاری ) . لەم حزبەدا لە جیاتی ئەوەی خوارەوە لە ژێر چاودێری سەرەوەدا بێت ، سەرەوە لە ژێر چاودێری خوارەوەدایە . من لە باسی پێشوومدا و لەم نووسینەشدا ئاماژەم بەوە کردووە ، کە لە حزبی بەرییني چینی کرێکاردا ، ئۆرگانەکان بە پێی پێویستی خەباتی چینایەتی دروست دەبن و تەنیاش لە چوارچێوەی دابەش بوونی کاردا خۆیان پێناسە دەکەن . جگە لەوەی کە ئەم ئۆرگانانە خاوەنی دەسەڵات نین بە سەر ئەندامانداا مەرجیش نییە هەر ئەم ئۆرگانانەی ئێستا بن کە هەن لە حزبەکاندا . لەو حزبە تازەیەدا جگە لەوەی کە لیدەر و سکرتێر نابێت ، مەرج نییە دەفتەر سیاسیش هەبێت . وە کۆمیتەی ناوەندیش بەم مانایەی ئێستای بوونی نابێت لەوانەیە ئۆرگانەکانی بردنە پێشەوەی کاری تیئۆریك ، کاری سیاسی ، کاری ڕێکخستن ، کاری نێونەتەوەیی و . . . هتد ، لە ناو حزبەکەدا ، بە تێهەڵکێش لەگەڵ یەکتری و بە دانانی بەرنامەی کاری هاوبەش و بە پەیوەند بە ناوەندێتی خوارەوە و بە کردنەوەی دەرگا بە ڕووی هەموو جۆرە پێشنیار و ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکی تەواو ئازادانەی هەر ئەندام و گروپێکدا کە لەو بارەیەوە یەك دەگرن ,, خەباتی چینایەتییان ، سەربەخۆ وەکو ئۆرگان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چینی کرێکاردا ببنە پێشەوە . لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا ، ئۆرگانەکان بە پێی جێکەوتە بوونی سیستمی حزبایەتی بۆرژوا ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیز دەبەستن . بەلاّم لەم حزبە تازەیەدا " حزبی بەرییني چینی کرێکار " ئۆرگانەکان بە پێی سیستمێکی چینایەتییانەی جیاواز لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕیز دەبەستن . هەرچەندە لە هەردوو لایاندا پێویستی ناوەکییانەی کار کردن

**, شێوەی ئۆرگانکان دیاری دەکات بەڵام لەویاندا ( حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ) ئۆرگانەکان بە پێی سیستمی زنجیرە مەڕاتیب خاوەنی دەسەڵاتە و لەمیاندا ( حزبی بەرییینی چینی کرێکار ) خاوەنی دەسەڵات نییە بە سەر ئەندامانندا . لە هەردوو لایاندا دەسەڵات هەیە , بەڵام لە یەکەمیاندا ( حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ) دووجۆر دەسەڵات هەیە کە یەکێکیان ڕووکەشە ( دەسەڵاتی چینایەتییانەی چینی کرێکار ) و ئەوی تریان ئەسڵەکەیە ( دەسەڵاتی حزبیی ) , وە لە دووەمیاندا ( حزبی بەرییینی چینی کرێکار ) , یەك جۆر دەسەڵات هەیە کە ئەویش دەسەڵاتی چینایەتییانەی چینی کرێکارە .**

2005-06-20